# دەنگدان

**-هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی ئەورووپا ڕۆژی یەکشەممە بەرواری ٩ی مانگی شەشی ساڵی ٢٠٢٤**




## ئایا کێ بۆی هەیە دەنگ بدات؟

ئەتۆ مافی دەنگدانت هەیە ئەگەر هاوولاتی سویدی بیت، تەمەنی ١٨ ساڵت پڕ کردبێتەوە لە ڕۆژی هەڵبژاردن و لە سوید ناوت تۆمار کراوە یان کرابێت.

هاوولاتی سویدی کە لە سوید ناویان تۆمار کراوە بە ئوتۆماتیک ناویان هەیە لە لیستەی دەنگدان. ئەتۆ ئەگەر لە دەرەوەی وڵات ناوت تۆمار کراوە ئەوا پێویست دەکات هەر دە ساڵ جارێک ناوی خۆت لە لیستەی دەنگدان بنووسیتەوە. کەسێک کە قەت لە سوید ناوی تۆماری نەکراوە مافی دەنگدانی نیە.

ئەتۆ هەروەها مافی دەنگدانی هەیە ئەگەر هاوولاتی یەکێک لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا بیت، لە سوید ناوت تۆمار کرابێت و لە لیستەی دەنگدان ناوی خۆت نووسیبێتەوە. ئەتۆ لای بەڕێوەبەرایەتیی هەرێم ناوی خۆت دەنووسیتەوە ئەوپەڕی ٣٠ ڕۆژ پێش ڕۆژی هەڵبژاردن.

ئەتۆ کە مافی دەنگدانت هەیە کارتێکی دەنگدان وەردەگریت بە پۆست. کارتی دەنگدانەکە زانیاری دەربارەی مافی دانگدانی ئەتۆی تێدایە لەگەڵ ئەوەی کە لە چ شوێنێک دەتوانیت دەنگ بدەیت. ئەگەر کارتی دەنگدانت نیە ئەوا دەتوانیت داوای دانەیەکی تازە بکەیت.

## بەم شێوە دەنگ دەدەیت

هەڵبژاردنی ئەتۆ نهێنیە و پێویست ناکات بۆ کەس باس بکەیت دەنگ بە چ کەسێک دەدەیت.

کاخەزی دەنگدان هەیە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە لەوێ دەتوانیت دەنگ بدەیت. لە حاڵەتی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی ئەورووپا ئەوا هەموو کاخەزەکانی
هەڵبژاردن سپین. لە کاتێک دەنگ دەدەیت ئەوا کاخەزێکی هەڵبژاردن دەخەیتە پاکەتێکی هەڵبژاردن.

لە کاتێک دەنگ دەدەیت ئەوا دەبێت ناسنامە نیشان بدەیت. ئەگەر ناسنامەت نیە ئەوا کەسێکی دیکە دەتوانیت گەواهی ناسنامەی ئەتۆ بدات. بەڵام ئەو کاتە ئەو کەسە دەبێت ناسنامەی خۆی نیشان بدات.




### دەنگ بە حیزب بدە

ئەتۆ دەنگ بە حیزبێک دەدەیت. ناوی حیزبەکە لەسەر کاخەزی هەڵبژاردنەکە نووسراوە. ئەگەر کاخەزی هەڵبژاردنی حیزبەکەت نادۆزیتەوە ئەوا دەتوانیت لەسەر کەخەزێکی هەڵبژاردنی سپی ناوی حیزبەکە بنووسیتەوە.

### دەنگ بە حیزب و کەس بدە

ئەگەر دەتەوێت کەسێکی تایبەتی لە کاندیداکانی حیزبەکە هەڵبژێرن ئەوا دەتوانیت زەربێک لێدەیت لە چوارگۆشەکە لە بەرانبەری ناوی کاندیداکە لە سەری کاخەزی هەڵبژاردن. ئەتۆ تەنیا دەتوانیت زەرب لێبدەیت بۆ یەک کاندیدا. ئەتۆ هەروەها دەتوانیت دەنگی کەسی بدەیت لە ڕێگای نووسینی ناوی حیزبەکە و ناوی کاندیداکە لەسەر کاخەزێکی هەڵبژاردنی سپی.

## پێش لەکاتی خۆی دەنگ بدە لە شارەوانی خۆت یان لە شارەوانیەکی دیکە

هۆڵ هەیە بۆ دەنگدان لە پێش کاتی خۆی. ئەتۆ دەتوانیت لە هەر هۆڵێک بێت دەنگ بدەیت بۆ دەنگدان لە پێش کاتی خۆی لە تەواوی وڵات. دەنگدان لە پێش کاتی خۆی ٢٢ی مانگی پێنج دەست پێدەکات و بەردەوامە تا ٩ی مانگی شەش. ئەتۆ دەبێت کارتی دەنگدانی خۆت لەگەڵ بێت لە کاتێک لە پێش کاتی خۆی دەنگ دەدەیت. ئەگەر ئەوەت لەدەست دابێت ئەوا دەتوانیت دانەیەکی تازە وەرگریت.

Valmyndigheten

## له هۆڵی هەڵبژاردنی خۆت دەنگ بدە لە ڕۆژی هەڵبژاردن ٩ی مانگی شەش

هەموو هەڵبژێردەرەکان سەر بە هۆڵێکی هەڵبژاردنن. هۆڵی هەڵبژاردنەکە تەنیا ڕۆژی هەڵبژاردن کراوەتەوە. ئەتۆ تەنیا دەتوانیت لەو هۆڵی هەڵبژاردنە دەنگ بدەیت کە لەسەر کارتی دەنگدانت نووسراوە.

## لەدەرەوەی وڵات دەنگ بدە

ئەگەر ئەتۆ لە دەرەوەی وڵات دەژیت لە دەرەوەی وڵاتیت ئەوا دەتوانیت بە نامە دەنگ بدەیت یان پێش لە کاتی خۆی دەنگ بدەیت لە زۆر سەفارەتگەل و کۆنسولخانەکانی سویدی. بۆ ئەوەی بە نامە دەنگ بدەیت ئەوە پێویست دەکات داوای کەرستەیەکی تایبەتی بکەیت. ئەتۆ هەروەها پێویستت بە دوو شایەتە کە تەمەنی ١٨ ساڵیان پڕ کردبێتەوە. ئەتۆ دەتوانیت لە پێش کاتی خۆی لە سەفارەتەکان و کۆنسولخانەکانی سویدی زووترین کات بەرواری ١٦ی مانگی پێنج دەنگ بدەیت.

## بە پەیامنێر دەنگ بدە

ئەتۆ دەتوانیت بە پەیامنێر دەنگ بدەیت ئەگەر بە هۆی نەخۆشی، کەم ئەندامی یان تەمەن ناتوانیت بگەیت بە هۆڵی هەڵبژاردن یان هۆڵێک بۆ دەنگدان لە پێش کاتی خۆی. ئەو کات ئەتۆ پێویست دەکات داوای کەرستەیەکی تایبەتی بکەیت. دەنگدانەکە دەکرێت ئەوپەڕی زووی ١٦ مانگی پێنج تا ئەوپەڕی درەنگی ٩ی مانگی شەش ئامادە بکرێت.

ئەتۆ پێویستت بە پەیامنێرێکە و شایەتێک و هەردوویان دەبێت تەمەنی ١٨ ساڵیان پڕ کردبێتەوە. هەمان کەس ناتوانێت هەم شایەت و هەم پەیامنێر بێت. ئەگەر پەیامنێرەکە دەنگەکەی ئەتۆ لە هۆڵێک بۆ دەنگدان لە پێش کاتی خۆی ڕادەست دەکات ئەوا ئەو پێویست دەکات کارتی دەنگدانی ئەتۆ لەگەڵ خۆی بێنێت.

D ئەتۆ هەروەها دەتوانیت بە پەیامنێر دەنگ بدەیت ئەگەر لە زیندانیت یان لە بنکەی تەندروستیی تاوانباران. ئەتۆ کە ماڵت لە درێژایی خەتی نامەبەری پۆستی دێهاتە دەتوانیت هەروەها بە یارمەتی نامەبەر دەنگ لە ڕێگەی پەیامنێر بدەیت.

## ئایا چ کەسێک دەتوانیت پەیامنێر بێت؟

پەیامنێرەکە دەبێت لانی کەم تەمەنی ١٨ ساڵ بێت. پەیامنێرەکە دەتوانیت ئەمە بێت:

- خزمت
- چاودێریدەرت یان کەسێچ کە یارمەتیت دەدایت بە کاروباری کەسی
- کارمەندێک لە زیندان یان بنکەی تەندروستیی تاوانباران
- نامەبەری پۆستی دێهات، ئەگەر لە درێژای خەتی نامەبەری پۆستی دێهات دەژیت.

## بنکەی دانگدانی گەڕۆك

بنکەی دەنگدانی گەڕۆك بۆ ئەتۆیە کە بە هۆی نەخۆشی، پیری یان کەم ئەندامی ناتوانیت بۆ خۆت لە پێش کاتی خۆی دەنگ بدەیت یان لە هۆڵێکی هەڵبژاردن دەنگ بدەیت.  لە حاڵەتی بنکەی دەنگدانی گەڕۆک شارەوانی بۆت ئامادە دەکات کە دوو وەرگری دەنگ بێن بۆ ماڵت و دەنگەکەت وەرگرن. پەیوەندی بە شارەوانیەکەت بکە بۆ زانیاری زیاتر.

**پرسیارگەل؟**

ئایا دەتەوێت داوای کەرستە یان کارتی دەنگدانی تازە بکەیت یان پرسیارگەلت هەیە دەربارەی ئەوە کە لە چ شوێنێک و چۆن دەتوانیت دەنگ بدەیت؟ پەیوەندی بە کۆمیتەی هەڵبژاردنی شارەوانی بکە، سەردانی ماڵپەڕی " بکە یان تەلەفۆن بۆ ئاگاداریی هەڵبژاردن بە ژمارەی تەلەفۆنی ٨٢٥ ٨٢٥ - ٠٢٠ (لە سویدەوە) بکە یان ژمارەی  ٩٩٩ ٢٧٠ ٧٧١ (٠) ٤٦ + (لە دەرەوەی وڵات).

Valmyndigheten

VAL V0713a10 11